# ئەگەر پیاوێک خێزانەکەی بانگ بکات بۆ سەرجێگایی کردن وئافرەتەکە ڕەتی بکاتەوە، وپیاوەکە شەوی بەسەردا بێت ولێی توڕەبێت؛ ئەوا فریشتەکان نەفرەت لەو ئافرەتە دەکەن هەتا بەیانی بەسەردا دێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر پیاوێک خێزانەکەی بانگ بکات بۆ سەرجێگایی کردن (جیماع کردن) وئافرەتەکە ڕەتی بکاتەوە، وپیاوەکە شەوی بەسەردا بێت ولێی توڕەبێت؛ ئەوا فریشتەکان نەفرەت لەو ئافرەتە دەکەن هەتا بەیانی بەسەردا دێت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئافرەت داوای مێردەکەی جێبەجێبکات ئەگەر داوای کرد جیماعی لەگەڵدا بکات، وئەگەر داواکەی جێبەجێ نەکات ومێردەکەی توڕە بێت ئەوا فریشتەکان نەفرەت لەو ئافرەتە دەکەن هەتا بەیانی دەکاتەوە، ونەفرەتکردنی فریشتەکان واتە نزا دەکەن بەوەی ئەو ئافرەتە دوور بێت لە ڕەحمەتی خوای گەورە، ئەمە بەستراوەتەوە بە توڕەیی وناڕەحەت بوونی مێردەکە بەڵام ئەگەر مێردەکە ڕازی بوو توڕە نەبوو ئەوا ئەم نەفرەتە نایگرێتەوە، ویان ئەگەر ئافرەتەکە عوزرێکی شەرعی هەبوو وەکو ئەوەی نەخۆش بێت یان هەر عوزرێکی تری هەبێت کە نەتوانێت سەرجێی لەگەڵدا بکات ئەوا لێرەدا ئاساییە، بەڵام ئەگەر هیچ بیانوویەکی نەبێت ئەوا پێویستە وەڵامی مێردەکەی بداتەوە چونکە ئەمە مافی مێردەکەیەتی بەسەریەوە، وئەگەر مێرد بینی کە ئافرەتەکەی حەز بە سەرجێی دەکات ئەوا پێویستە داواکەی جێبەجێ بکات چونکە ئەو چۆن حەز دەکات مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت دەبێت بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ خێزانەکەیدا بکات، وخوای گەورە -سبحانه وتعالى- دەفەرموێت: ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِۚ﴾ [النساء: 19] واتە: ﴿و بە چاکی ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەن (بە چاکی وجوانی ژیانیان لەگەڵدا ببەنە سەر)﴾.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58098

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee